# دەستورێک لە مەتەڵ

هێمن رەئوف
Hemnrauf@hotmail.com

دوو ڕۆژی تر دەنگدانە و بەلاَم هێشتا ماڵی ئێمەو سەدان ماڵی تر نازانن دەنگ بە چی دەدەن ،داوای بەڵێ مان لێدەکەن بەلاَم نازانین بەڵێ بۆ مردنە یان ژیان ڕاپێچکردن و ڕاگوێزانێکە بۆ سەر سندوقی دەنگدانێک ، کە هێچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە ،خەڵکینە ئەمانە مەتەڵ نین ؟؟؟

ئەوەتا زۆر بێئاگایانە دەمان بەستنەوە بە کلتورێکەوە کە دوورە لە ڕاستییەکانی ئێمەوخواستی نەتەوەیەک نییە ، بە زۆری زۆرداری خەڵکی دەنێرن بۆ دەنگدان،، لەوانەیە تەنگەتاو ببن و بڵێن ئەمە گێرەشێوێنییە و تفەنگنانەبە تاریکییەوە،.
کەس بەزۆر نانێرین بۆ دەنگدان،هەمووکوس ئازادە لەوەی دەنگ ئەدات یان نا ،ئەی ئەوە زۆر نییە  جەماوەر دەتۆقێنن بەوەی کە دەنگ نەدان دووبارە بونەوەی ئەنفال و کیمیا بارانە ؟؟؟؟؟
ئەوە زۆر نیە کە خەڵکی نازانن چی لەو دەستورەدایە و دەبی بڵێن بەڵێ؟؟؟؟؟

ئاخر پارتە دەسەلاَتدارەکان باسی ئازادی وديموكراسی و ڕای جەماوەر وریفۆرم و کۆمەڵێ ئارتیکلی گەورەتر وناشیاوتر دەکەن کەلەگەل بەژنی خۆیاندا ناگونجێت، زۆر بە ناڕەوا مامەڵە لەگەڵ ئەو وشە  بە نرخانەدا دەکەن کە مرۆڤەکان بە ئاسودەیی شاد دەکات،،، ئازادی وديموكراسی ،، لە کوێیە ؟؟ کاتێک بەپلان کەسە بەئاگاو ئاکتیڤەکان لە گۆشە دەنرێن ؟، مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی و مامۆستا فەرهاد پیربال زانکۆی سەلاحەدین یان بەئاگادە هێنایەوە ..قوتابیان و فەرمانبەرانیش کەسوکار وخەڵکی سەر شەقامەکانیان بە هۆشیاری ئاشنا دەکرد ،،کەچی کاروانە کەیانتان ڕاگرت،
دەتانزانی دەستەکەتان ئاشکرادەکەن و نهێنیەکان هەڵدەماڵن،ئەوەتا ڕێبوار سیوەیلی ماڵ سوتاو و دەربەدەر ما ، فەرهاد پیربالّیش بوە فەرهاد قەساب ،،

ڕای جەماوەر وریفۆرم ،، نازانم ئێوە چۆن ڕاڤەی دەکەن ،بەلاَم ئەوەتا لە سلێمانی ئەو شارەی کە بە جەماوەرێکی هۆشیار وکارا ناسراوە ،ئەگەر لە کرێکارێک یان ژنێکی ماڵەوە یان کەسێکی سەر جادەکان بپرسیت ، ئایا دەنگ دەدەیت بەو دەستورە یان نا ؟بێگومان دەڵێ بڵێ ،، ئەگەر بپرسی بۆ یان لەبەر چی خاڵێکی سەرەکی کە مافەکانی تۆ دەپارێزێت؟؟ دەڵێت نازانم ، بەلاَم لە ڕاگەیاندندا داوای بەڵێمان لێدەکەن ، یان لە کۆمیتە و لق ە وە پێیان وتوین بڵێین بەڵێ ، یان مەلایەک لە مزگەوت ووتی دەستورێکی باشە،بڵێن بەڵێ..
کەواتە میللەت خاوەنی ئەو ڕایە نیە کە خۆی دەیدات ، ئەمە سەپاندنی دەستورێکە کە بە ویستی گەل نەنوسراوە،،کەواتە ئێمە کارتی یارییەکین و بەدەستی قوماربازانێکی هەڵکەوتووەوین  ئەوەی بیانەوێ پێمان دەکەن ،هەرکاتێکیش دۆڕان دەبێ چاوەڕێی ئەوەیان لێبکەین کە بماندەن بەزەوی دا و هەر پارچەیەک بەلایەکدا فڕێمانبدەن لە دوای خۆشیان کۆمەڵێکی تر لەسەر ئەم مێزە فێڵ مان پێبکەن و بمان سووتێنن لە دەستێکدا ،،
ئەوەی جێی سەرنج و هەڵوێستەیە، ئەوەی پرسیارێکی بەجێ هەڵدەگرێ لێرە داهەتاکەی ئێمەی کورد بێخاوەن وبێناو بژین ؟ هەتاکەی ئەوانەی لەهەندەران لەنامۆییدا دەژین ،تەنها لە سوچێکی

ژوورەکەیاندا بێناز بسوتێن، تاکەی بە ئاگا نایەینەوە لە خەوێک مردنە مردن ؟؟؟عەرەبی سوننە لەدوای ڕوخانی سەدامەوە یاخی بوون و ئەوان بە مقاوەمە خۆیان دەسەلماند و حکومەت و ئەمریکایش بە تیرۆرستیان دە خەملاندن .
ئەوەبو دەنگیان نەدا بۆ هەڵبژاردن ، تا دوێنێیش بەتەما نەبوون لە ڕاپرسی دەستوردا بەشدار بن ،، ئازایانە بە گیانێکی هەست کردن بە مافە تایفییەکانیان،بێ ئەوەی بترسن لە ئەنفال و لە کیمیایی خەباتیانکرد، تا وایلێهات چۆکیان بە هەمەموو لایەک دادا هەموارکردنیان لەسەر حسابی کورد بەدەست هێنا ، ئەوان باس لە سیستمی فیدرالی دەکەن ، باس لە یەکیەتی عێراق دەکەن ، باس لە زمانی عەرەبی دەکەن کە لەکوردستانیش ڕەسمی بێت ،،ئەمانە بەڵگەن کە هەموار کردنەکە لەسەر حسابی کوردە ،، کەواتە ئەم جارەیش خاڵی تەنازولەکە هەر کورد بوو،،بەڵام بۆ ؟؟؟
دوا پرسیارم لە ئێوەی دەسەڵاتدار ،،،
بۆچی دەستور پێشانی جەماوەر نادەن بەتەواوی بۆچی دوو ڕۆژی ماوەوماڵی ئێمە لەناو جەرگەی شاری سلێمانی دا دەستورەکەیان پێ نەگەیشتووە ؟؟؟؟